چیرۆکی پێغەمبەران

چیرۆکی حەزرەتی یونس و حەزرەتی عوزەیر

(سڵاوی خوایان لێبێت)

9

نووسەر : کەمال سەید

وەرگێڕانی : ئازاد عەبباس گلێجاڵی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وێنە : حەسەنێین و تەیبە عەبدوڵڵا

ناوی کتێب: چیرۆکی حەزرەتی یونس و حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوایان لێبێت)
ناوی نووسەر: کەمال سەید
وەرگێڕانی: ئازاد عەبباس گڵێجاڵی
وێنە: حەسەنێین و تەییە عەبدوڵڵا
نۆبەتی چاپ: دووەم/2022
چاپ: ناوەندی ڕێنوێن
تیراژ: 1000 دانە
ژپنک (ISBN): 9-65-626-9922-978
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (1315)ـی ساڵی (2018)ـی پێ دراوە.

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©

ناوەندی ڕێنوێن
07701932749 - 07501269689
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

All Rights Reserved
© **Al-Buragh** for Children`s Culture
جميع الحقوق مسجلة لدار البراق لثقافة الأطفال©
www.alburagh.com Email: info@alburagh.com

چیرۆکی پێغەمبەران

چیرۆکی حەزرەتی یونس و حەزرەتی عوزەیر

(سڵاوی خوایان لێبێت)

نووسەر : کەمال سەید
وەرگێڕانی: ئازاد عەبباس گڵێجاڵی
وێنە: حەسەنێین و تەیبە عەبدوڵڵا

9

چیرۆکی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) لە شاری نەینەوا (موسڵ) لە باکووری عێراق (کوردستان) دەژیا.. نەینەوا شارێکی زۆر گەورە بوو.. دەیان هەزار دانیشتووی تێدا دەژیا.. زەوییەکی زۆر بە پیت و بەرەکەت بوو.. کشتوکاڵێکی زۆری تێدا دەکرا.. رووباری دیجلە بە ناو شاردا تێدەپەڕی و ببووە هۆی بژێوی و داهاتی خەڵکی ناو شار..

لەو شارەدا حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) لە دایک بوو، هەر لەو شارەدا ژیانی بەسەر برد..

کاتێ حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) گەورە بوو، لاوێکی خواناس بوو.. ڕقی لەو نەزانی و نەفامییە بوو کە گەلەکەی تێی کەوتبوون.. زۆری ڕق لە بتپەرستی و پەیکەرتاشی بوو..

خوای گەورە یونس(سڵاوی خوای لێبێت)ی هەڵبژارد و کردی بە پێغەمبەری خۆی.. خوای گەورە یونس(سڵاوی خوای لێبێت)ی کرد بە نوێنەری خۆی بۆ ئەوەی بە خەڵکی شار ڕابگەیەنێ کە واز لە بتپەرستی بێنن و خوای تاک و تەنیا بپەرستن..

لەو سەردەمەدا خەڵکی پاک بوون.. بەڵام بتپەرست بوون..

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) هات و دەستیکرد بە ئامۆژگاری خەڵکەکە.. پێی وتن: ئێوە تەنیا خوای گەورە بپەرستن!.. واز لە بتپەرستی بهێنن!.. هیچ شت و هیچ کەسێک مەکەن بە هاوەڵی خوای گەورە!.. ئەو بتانەی ئێوە بە دەستی خۆتان دەیانتاشن، هیچ سود و زیانێکیان بۆ ئێوە نییە!..

خەڵکی خوویان بە بتپەرستییەوە گرتبوو.. ئەوەیان لە باب و باپیرانەوە بۆ مابوویەوە.. بتپەرستی ببوو بە نیشانە و دروشمی کەسایەتی و کەلەپووری کۆن و لە مێژینەی خەڵکەکە.. بۆیە بەدەم بانگەوازەکەی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)ـەوە نەهاتن..

هەموو پێغەمبەران خزم و کەسوکار و گەلەکەی خۆیان بۆ یەکتاپەرستی بانگ کردووە.. ئایینی ڕاستەقینە.. ئەو ئایینەی کە خوای گەورە پێی ڕازی بووە..

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)یش وەک پێغەمبەرانی پێش خۆی خەڵکەکەی بۆ یەکتاپەرستی بانگ کرد.. بۆ سەر ڕێگای ڕاست و دوورکەوتنەوە لە ڕێگای چەوت و ناڕاست!.. ئەوانی لە سزای خوای گەورە دەترساند و ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە ئەگەر لەسەر ئەم کارە خراپە بەردەوام بن، ئەوا خوای گەورە بە توندی سزایان دەدات..

خوای گەورە نیگا و سرووشی بۆ حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) نارد کە سزای خوای گەورە نزیک بووەتەوە و خەریکە دابەزێ!..

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) هات و بە گەلەکەی ڕاگەیاند.. دوایی شاری نەینەوای بەجێهێشت و بەرەو دەریا وەڕێ کەوت..

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) لە دوورەوە چاودێری شارەکەی دەکرد، تا بزانێ کەی سزای خوای گەورە بەسەریاندا دادەبارێ..

چەند ڕۆژێک تێپەڕی.. بەڵام حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) هیچی نەبینی.. هیچیشی نەبیست.. بەردەوام پرسیاری لەو کەسانە دەکرد کە هاتوچۆی شاری نەینەوایان دەکرد، داخۆ خەڵکی نەینەوا هیچیان بەسەر هاتووە یان نا؟..

ئەوانەش کە هاتوچۆی شاریان دەکرد، لە وەڵامدا دەیانگوت: خەڵکی شار هەموویان باشن و هیچی خراپ ڕووی نەداوە!..

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) پێی سەیر بوو کە سزای خوای گەورە دانەبەزیوە.. دەترسا ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ناو شار خەڵک بە درۆزنی بزانن.. سزای درۆکردنیش ئەو کاتە زۆر قوورس بوو.. تەنانەت هەندێ جار سزاکە کوشتن بوو.. بۆیە حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) نەیوێرا بگەڕێتەوە بۆ ناو شار و بەرەو دەریا ملی ڕێگای گرتەبەر..



باوەڕهێنان

لە نەینەوا چی قەوما؟.. خەڵکەکەی چییان بەسەر هات؟..

خەڵکی نەینەوا چەند نیشانەیەکی ترسناکیان بینی.. هەورێکی زۆر ڕەش ئاسمانی داپۆشی.. دەوروبەری شار پڕبوو لە دووکەڵ.. پیاوچاکێک ئەم نیشانانەی بینی و زانی ئەوە پێشەکی سزای خوایە و دابەزیوە، بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە ناوشار و خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە و وتی: کوڕە خەڵکینە بەزەییتان بە خۆتاندا بێتەوە!.. بەزەییتان بەکوڕ و کچی خۆتاندا بێتەوە!.. بۆ بەگوێی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)تان نەکرد؟.. ئەوەتا سزای خوای گەورە دابەزیوە و خەریکە دێتە ناو شار و لە ناو بچین!..

خەڵکی نەینەوا هەموان بە چاوی خۆیان ئەو نیشانانەیان بینی.. بۆیە بە پەلە کەوتنە بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژی خۆیان و ماڵ و منداڵی خۆیان و خەڵکی شار بەگشتی.. ئەوەیان بۆ دەرکەوت ئەو بتە تاشراوانە نە هیچ سودێکیان پێ ناگەیەنن، نە توانای هیچ زیانێکیان هەیە!.. دەی ئیتر بۆچی بت بپەرستن؟..

خەڵکی نەینەوا لەکار و کردەوەی پێشووی خۆیان پەشیمان بوونەوە.. لەوە پەشیمان بوونەوە کە بە گوێی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)یان نەکردبوو.. ئەوان بێئاگا بوون لە ڕاستی.. ئەوان وەکو خەوتوو وابوون و ئێستا بە ئاگا هاتوونەتەوە!.. بۆیە دەستیان کرد بەگەڕان بە دوای حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)دا.. هەموان بڕوایان بە خوای گەورە و تاقانە هێنا.. بەڵام بە داخەوە حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) لە شار دەرچووبوو.. کەس نەیدەزانی لە کوێیەو بۆ کوێ چووە!..

خەڵکی شار هەموان لە گۆڕەپانی ناوەڕاستی شاردا کۆبوونەوە.. پیاوچاکەکە پێی وتن: هۆ خەڵکی نەینەوا! هەمووتان باوەڕهێنانتان بە خوای گەورە ڕابگەیەنن، خوای گەورە زۆر بە بەزەییە.. بەندەکانی خۆی خۆش دەوێ.. هەمووتان لە کردەوەی خراپی خۆتان پەشیمان ببنەوە.. منداڵە شیرەخۆرەکان لە دایکیان جیا بکەنەو، با هەموان دەست بکەن بە گریان.. هەرچی ئاژەڵە لە لەوەڕگای دوور بخەنەوە، با برسی ببن و دەست بکەن بە باڕەباڕ و باعەباع.. با دەنگی زەلیلی و داماوی هەموان بەرز ببێتەوە.. بەڵکو خوای گەورە بەزەیی بە هەمووماندا بێتەوە و سزاکەمان لەسەر هەڵبگرێ!..

خەڵکی نەینەوا هەموویان بەگوێی ئەو پیاوەیان کرد.. هەرچی منداڵی بچووک و شیرەخۆرە، لە دایکیان جیاکردەوە.. بە جارێ سەدان منداڵ دەستیان کرد بە گریان.. خەڵکەکەش هەموویان دەستیان کرد بەگریان و پاڕانەوە لە خوای گەورە.. هەموویان پەشیمانی خۆیان دەربڕی.. هەموویان زۆر بە خەستی لە خوای گەورە دەپاڕانەوە و داوایان لێدەکرد کە تووشی سزایان نەکات و لێیان خۆش ببێت..

کەمەکەمە هەورە ڕەشەکە ڕەوییەوە.. ئاسمانی شین دەرکەوتەوە.. تیشکی خۆر دەرکەوتەوە.. سروشت وەک پێشووی لێهاتەوە.. ئیتر خەڵکی دڵخۆش بوون و هەموویان بڕوایان بە خوای گەورە و تاقانە هێنا..



لە دەریادا

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) گەیشتە کەناری دەریا.. لە کەنارەکەدا کەشتییەکی بینی کە بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرابوو.. حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) سواری ئەو کەشتییە بوو.. دوای ئەوەی کەشتییەکە پڕ بوو لە خەڵک، گەمییەوان چارۆکەکانی هەڵدا و دەستیان کرد بە ڕۆیشتن..

کەشتییەکە بە نێو شەپۆلی دەریادا دەڕۆیشت.. لە ناوەراستی دەریادا شتێکی سەیر ڕوویدا.. نەهەنگێکی زۆر گەورە و زەبەلاح پەیدا بوو.. بە ناو شەپۆلی دەریادا دەڕۆیشت.. بەرەو ئاسمان خۆی هەڵدەدا و دوایی بە توندی خۆی دەکێشایەوە بە نێو دەریادا.. پرژی ئاو بەرەو ئاسمان بەرز دەبوویەوە..

نەهەنگەکە کەمێک وەستا.. لە ناکاو وەکو نافورە ئاوی بەرەو ئاسمان هەڵدا..

نەهەنگەکە بەرەو کەشتییەکە هات.. دوایی خۆی کرد بە ژێر کەشتییەکەدا و بە دەوروبەری کەشتییەکەدا دەسووڕایەوە.. هەموولایەکی کەشتییەکە بوو بە شەپۆلی توند و تۆقێنەر!.. شەپۆلەکان بە توندی خۆیان بە کەشتییەکەدا دەکێشا.. گەمییەوانەکە بۆی دەرکەوت کە ئەم نەهەنگە دەیەوێ کەشتییەکەیان نقووم بکات و تێکی بشکێنێ!..

چارەنووس!

کابرای گەمییەوان هیچ چارەیەکی نەبوو، جگە لەوەی کە یەکێک لە سەرنشینەکان فڕێ بداتە بەردەم نەهەنگەکە، بۆ ئەوەی بیخوات و ئیتر وازبێنێت!..

بۆ ئەو مەبەستە هەموو سەرنشینەکانی کۆ کردەوە و تیروپشکی ئەنجام دا، تا بزانێ ناوی کێ دەردەچێت، بۆ ئەوەی بکرێ بە قوربانی و فڕێ بدرێتە بەردەم نەهەنگەکە و ئەوانی تر ڕزگار بن!..
هەرکەسێ ناوی لە تیروپشک دەربچێت دەبێ ئەو کەسە بکرێ بە قوربانی و ببێ بە پارووی نەهەنگە شینەکە!..
تیروپشک ئەنجام درا.. ناوی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) دەرچوو!..
حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) زۆر بوێرانە هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی خۆی فڕێ بداتە بەردەم نەهەنگەکە.. چونکە دەیزانی ئەوە قەزا و قەدەری خوایە.. بە بێ ویستی خوای گەورە هیچ شتێک ڕوونادات!.. بۆیە خۆی ڕادەستی چارەنووس کرد.. خۆی فڕێ دایە نێو دەریاکەوە.. حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) دیارنەما.. بە دیارنەمانی ئەو نەهەنگەکەش دیارنەما.. ئیتر کەشتییەکە و سەرنشینەکانی لە نقووم بوون ڕزگار بوون!..

لە نێو سکی نەهەنگدا

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) خۆی فڕێدایە نێو دەریاوە.. بە مەبەستی ڕزگار بوون مەلەوانی دەکرد.. لە ناکاو چاوی بە نەهەنگەکە کەوت، کە بەرەو ئەو دێ و دەمی کردووەتەوە.. دوای کەمێک نەهەنگەکە حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)ی کرد بە پاروویەک و قوتیدا!..
ئا لەو کاتەدا حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) وشیار بوویەوە و بە خۆی وت: دەبوو بەرەو نەینەوا بگەڕامایەتەوە نەک سواری کەشتی ببم!.. بۆیە هەستی بە شەرمەزاری کرد.. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو کاتەی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) دەکات کە داوای لێبووردنی لە خوای گەورە کردوۆە و دەفەرمووێ: ﴿وَ ذَا النُّونِ إِذْ ذَهَبَ مُغاضِباً فَظَنَّ أَنْ لَنْ نَقْدِرَ عَلَيْهِ فَنادى فِي الظُّلُماتِ أَنْ لا إِلهَ إِلاّ أَنْتَ سُبْحانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظّالِمِينَ﴾ الأنبياء: ٨٧ واتە: (ئەی پێغەمبەری ئیسلام!) یادی (ذو النون)یش بکەرەوە (کە یونس پێغەمبەرە) کاتێک بە توڕەییەوە ڕۆیشت، گوومانی وابوو کە هەرگیز دنیای لێ تەنگ ناکەینەوە (بەڵام بە پێچەوانەی گوومانەکەیەوە خوا خستییە ناو سکی نەهەنگەوە)، جا لە ناو تاریکایەکاندا، (تاریکایی شەو و دەریا و ناوسکی نەهەنگەکەدا) هاوار و نزای لێ بەرز بۆوە و وتی: پەروەردگارا هیچ خوایەک نییە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم (کاتێک بە بێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت).
ئەو بانگەی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) و ئەو پاڕانەوانە پاڕانەوەی کەسێک بوون کە لە ناخی دڵەوە بڕوای بە گەورەیی و دەسەڵاتی خوای گەورە هەبوو..
کات هەروا تێدەپەڕێ و نەهەنگەکە لە ناو دەریادا دەسوڕایەوە.. حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)یش لە نێو سکی نەهەنگەکەدا هەر خەریکی تەسبیحات و پاڕانەوە بوو لە خوای گەورە.. ئەو خوای گەورەی لەبیر نەچوو.. لەو شوێنە تەنگ و تاریکەدا لە ناخەوە هاواری دەکرد و دەیفەرموو: ﴿لا إِلهَ إِلاّ أَنْتَ سُبْحانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظّالِمِينَ﴾ واتە: پەروەردگارا! هیچ خوایەک نییە جگە لە تۆ، پاکی و بێگەردی هەر بۆ تۆیە، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم (کاتێک بە بێ فەرمانی تۆ قەومەکەم بەجێهێشت).

رزگاربوون

ویستی خوای گەورە وابوو نەهەنگەکە ڕوو بکاتە کەناری دەریا.. نەهەنگەکە لە کەناری دەریا نزیک دەبوویەوە.. خۆی دەهێنایە یەک و ئاو لە سکییەوە بەرەو دەرەوە فوارەی دەکرد.. شەپۆلی نێو سکی نەهەنگەکە حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)ی لەگەڵ خۆی هەڵگرت و فڕێیدایە سەر کەناری دەریا.. شوێنێکی نەرم و لماوی!..

حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) لەو ماوەداکە لە نێو سکی نەهەنگەکەدا مابوویەوە زۆر لاواز ببوو.. هێزی لەبەر بڕابوو.. بە تەواوی تینوو بوو.. توانای جوڵەی نەمابوو.. دەبوو لە سێبەرێکدا بە باشی پشوو بدات.. بەڵام کوا سێبەر؟.. کێ لە کەناری دەریادا سێبەری بینیوە؟.. لە ناو ئەو لمەداکەی دار و درەخت دەڕوێت تا سێبەرێک هەبێت؟..

بەڵام خوای گەورە بەندەکانی خۆی لە یاد ناکات.. خوای گەورە لەو کەنارەدا بنجە کوولەکەیەکی ڕوواند.. حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) خۆی دایە ژێر سێبەری گەڵا پانەکانی تەرزی کوولەکەکە.. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کوولەکە ئەوەیە کە پێستی مرۆڤ دەژێنێتەوە.. هێز و گوڕ بە مرۆڤ دەبەخشێ.. مێش و مەگەز لە مرۆڤ دوور دەخاتەوە.. مێش و مەگەز هەرگیز نزیکی گەڵای کوولەکە ناکەونەوە..



بەوجۆرە خوای گەورە حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت)ی ڕزگار کرد.. خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: ﴿فَاسْتَجَبْنا لَهُ وَ نَجَّيْناهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذالِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ﴾ الأنبياء: ٨٨ واتە: ئێمەش بەهانایەوە چووین و ڕزگارمان کرد؛ لەو غەم و پەژارە و تەنگانەیەی کە تێی کەوتبوو، بەو شێوەیەش ئیمانداران ڕزگار دەکەین (کاتێک کە دەکەونە تەنگانەوە و هانا و هاوار بۆ ئێمە دەهێنن).

دوای ماوەیەک مانەوە لە ژێر سێبەری تەرزی کوولەکە و خواردنی کوولەکە، حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) هێز و گوڕی بۆ گەڕایەوە و پشوویەکی باشی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ شاری نەینەوا.. بە گەڕانەوەی حەزرەتی یونس(سڵاوی خوای لێبێت) خۆشی و شادی هەموو لایەکی گرتەوە.. هەمووان پێکەوە بڕوایان بە خوای گەورە و تاقانە هێنا.. خوای گەورەش سزای لەسەر لابردن و تووشی بەدبەختی و ئازار و ئەشکەنجەی خوای گەورە نەبوون.. منداڵان هەموویان بە دڵی خۆشەوە یارییان دەکرد.. پیاوان خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون.. ژنانیش لەماڵەوە خەریکی کاری خۆیان بوون.. ژیان بە تەواوی ئاسایی بوویەوە و پڕ بوو لە خێر و خۆشی.

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)

سەدەی شەشەمی پێش زایین پادشایەک بە ناوی (بەختەنەسر) دای بەسەر جوولەکەکاندا... شاری ئۆرشەلیمی داگیر کرد.. هەموو جوولەکەکانی بە دیل گرت و بردنی بۆ شاری بابل..

جوولەکەکان سەد ساڵی ڕەبەق لە بابل مانەوە.. ئا لەو کاتەدا منداڵێک لە دایک بوو ناویان لێنا عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)..

جەنگ لە نێوان فارسەکان و بابلییەکان دەستی پێکرد.. کۆرشی گەورەی فارس لە جەنگەکەدا سەرکەوت.. شاری بابلی ڕزگار کرد.. هاتە ناو شاری بابلەوە..



کۆرش لەوێ عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)ی ناسی.. زۆری خۆش ویست.. چونکە عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) کەسێکی زۆر ڕەوشت بەرز و ژیر و دانا بوو..
ڕۆژێک عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) داوای لە کۆرش کرد کە ڕێگایان لێ نەگرێت بۆ ئەوەی جوولەکەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان..
تەورات سووتابوو.. عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) دیسان تەوراتی نووسییەوە..

دەرەوەی ئاوایی

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) لە دەرەوەی ئاوایی کشتوکاڵێکی هەبوو.. ئەویش وەک هەموو پێغەمبەران حەزی لە کارکردن بوو.. حەزی لەوە بوو خۆی بە ئارەقەی نێوچاوانی خۆی نانی پاک و حەڵاڵ و بژێوی ڕێکوپێک بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی پەیدا بکات..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) گوێدرێژێکی هەبوو ڕۆژانە سواری دەبوو و دەڕۆیشت بۆ سەردانی کشتوکاڵەکەی و کارکردن تێیدا و دوایی دەگەڕایەوە بۆ ئاوایی..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) وەک هەمیشە ڕۆیشتە دەرەوەی ئاوایی بۆ سەردانی کشتوکاڵەکەی.. لە کاتی گەڕانەوەدا دای بەلای شارێکی کۆن و وێران بوو دا.. بە حاڵ کەلاوەکانی مابوون.. لەولاشەوە گۆڕستانێکی زۆر کۆنی لێبوو..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) لە ژێر سیبەری دارێکی نزیک لە ڕێگاکە دانیشت.. هەم برسی بوو هەم ماندوو.. هەندێ نان و ترێی لە کۆڵ و بارەکەی دەرهێنا.. ترێکەی گوشییە نێو جامێکەوە و نانەکەی تێگوشی و کردی بە تریت و چاوەڕێ بوو نانەکە ئاوی ترێکە هەڵمژێ و نەرم ببێتەوە بۆ ئەوەی بیخوات..
لە کاتی چاوەڕوانی ئامادەبوونی تریتەکەیدا سەیرێکی گۆڕستانەکە و کەلاوەی شارە وێران بووەکەی کرد.. دەیان ساڵ زیاتر بوو کە ڕەشەبا بە ناو ئەو شارە وێران بووەدا هاتوچۆی دەکرد.. تیشکی خۆر دەیکوتا. بەفر و بارانی زستانان زیاتر پاشماوەی شارەکەیان دەشاردەوە!..
باشە ئەو مردووانە کە لە مێژە مردوون، چۆن دووبارە زیندوو دەبنەوە؟.. خۆ ئەوانە ئێسک و پروسکیشیان نەماوە.. هەمووی پوواوە!..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) لە دڵی خۆیدا فەرمووی: باشە خوای گەورە چۆن ئەمانە دوای مردنیان زیندوو دەکاتەوە؟..
عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) ماندوو بوو.. خەوی دەهات.. پێش ئەوەی تریتەکەی بخوات ڕاکشا.. گوێدرێژەکەیشی هەندێ گیای لەپێش بوو..
ئا لەو کاتەدا شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر ڕوویدا!.. عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) بە ئاگا نەهاتەوە.. ئێوارە داهات عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) هێشتا نووستبوو.. ئەو مردبوو.. گوێدرێژەکەیشی مردار بوویەوە..

دوای سەد ساڵ

ڕۆژگار.. حەفتە.. مانگ و ساڵ تێپەڕین.. عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) نەگەڕایەوە بۆ لادێکەیان.. براکانی و خزم و کەسوکاری هەموویان بە دوای عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)دا گەڕابوون.. هیچ کەسێک پێی وانەبوو عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) ڕۆشتبێ بۆ نێو ئەو کەلاوە کۆنانە..

عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) نەما.. خەڵکی وردە وردە ناوی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)یان لەبیر دەچوویەوە.. کەس نەیدەزانی کە عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) مردووە و لاشەکەیشی بووە بە ئێسک و پروسک!.. تەنانەت گوێ درێژەکەیشی گیانی تێدا نەماوە و ئەویش بووە بە ئێسک و پروسک!..

بەڵام ئەوە سەیر بوو کە تریتەکە وەک خۆی مابوویەوە.. هیچی لێ نەهاتبوو..

ئەوانەی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)یان دەناسی و ئەویان دیبوو، هەموwan مردن.. تەنیا یەک پیرەژن مابوویەوە.. ئەو پیرەژنە لە سەردەمی حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)دا کچێکی عازەب و گەنج بو.. بەڵام ئێستا پیرەژنێکی زورهان و پیر و کەنەفت!..

زیندووبوونەوە

ڕۆژێک لە ڕۆژان هەور ئاسمانی داپۆشی.. باران باری.. ئا لەو ڕۆژە تەڕ و تووشەدا خوای گەورە ویستی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) زیندوو ببێتەوە و لە خەوە قووڵە سەد ساڵەکەی هەستێتەوە.. فریشتە لە ئاسمانەوە دابەزین.. عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) گوێی لە دەنگێک بوو کە بانگی ئەوی دەکرد.. پێی دەگوت: ئەوە چەندێکە تۆ نووستووی؟..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) چاوەکانی پرواند و فەرمووی: ڕۆژێک یان تاقێکە!..

فریشتەکە فەرمووی: نەخێر سەد ساڵە تۆ نووستووی!..

خوای گەورە ویستوویەتی ژیان بۆ تۆ بگێڕێتەوە، تا تۆ بکاتە نیشانەیەک بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و دوارۆژ نییە!..

عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)! تەماشای خواردنەکەت بکە و دوایی تەماشای گوێدرێژەکەت بکە!..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) تەماشایەکی گوێدرێژەکەی کرد دەبینێ مشتێ ئێسک و پروسکە.. کەچی خواردنەکەی وەک خۆی ماوەتەوە و هیچی لێ نەهاتووە!..

فریشتەکە فەرمووی: دەی تەماشای دەسەڵاتی خوای گەورە بکە، بزانە چۆن ژیان دەهێنێتەوە بەر ئەو ئێسک و پروسکانەوە و وەک جارانی لێ دەکاتەوە!..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) بە چاوی خۆی کۆبوونەوە و پێکەوەنووسانی ئێسکەکانی بینی.. ئێسکەکان بوون بە پەیکەری گوێدرێژ.. دوایی گۆشت وەک خۆی ڕوایەوە.. ڕەگەکان هەموویان دروست بوونەوە.. لە پڕێکدا گوێدرێژەکە هەستایەوە و دەستیکرد بە زەڕین و بە دوای گیادا دەگەڕا!..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) پڕ بە دەم هاواری کرد: الله اکبر!.. خوا لە هەموو شتێ گەورەتر و بەدەسەڵاتترە!.. من بۆم دەرکەوت کە خوای گەورە توانای هەموو کارێکی هەیە!..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) سەجدەیەکی بۆ خوای گەورە برد.. ئەو خوایەی کە ژیان و مردنی بە دەستە..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) دەستیکرد بە خواردنی تریتەکەی.. تریتەکە وەک خۆی مابوویەوە.. تەنانەت تامیشی نەگۆڕابوو!..

خوای گەورە بە کورتی بەسەرهاتی حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) لە قورئاندا باس دەکات و دەفەرمووێ: ﴿أَوْ كَالَّذي مَرَّ عَلى قَرْيَة وَ هِيَ خاوِيَةٌ عَلى عُرُوشِها قالَ أَنّى يُحْيي هذِهِ اللّهُ بَعْدَ مَوْتِها فَأَماتَهُ اللّهُ مِئَةَ عام ثُمَّ بَعَثَهُ قالَ كَمْ لَبِثْتَ قالَ لَبِثْتُ يَوْماً أَوْ بَعْضَ يَوْم قالَ بَلْ لَبِثْتَ مِئَةَ عام فَانْظُرْ إِلى طَعامِكَ وَ شَرابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَ انْظُرْ إِلى حِمارِكَ وَ لِنَجْعَلَكَ آيَةً لِلنّاسِ وَ انْظُرْ إِلَى الْعِظامِ كَيْفَ نُنْشِزُها ثُمَّ نَكْسُوها لَحْماً فَلَمّا تَبَيَّنَ لَهُ قالَ أَعْلَمُ أَنَّ اللّهَ عَلى كُلِّ شَيْء قَديرٌ﴾ البقرة: ٢٥٩ واتە: یاخود وەک ئەو کەسەی تێپەڕی بەلای شارۆچکەیەکدا کە هەموو خانووەکانی بەسەر سەقفەکانیاندا تەپی بوون، لەبەر خۆیەوە وتی: ئاخۆ خوای گەورە چۆن خەڵکی ئەم شارۆچکەیە دوای مردنیان زیندوو دەکاتەوە؟! (ئەو کەسە عوزەیر پێغەمبەر بوو(سڵاوی خوای لێبێت) یەکسەر خوای گەورە سەد ساڵ مراندی و پاشان زیندووی کردەوە و پێی فەرموو: چەند مایتەوە؟ (عوزەیر) وتی: ڕۆژێک یان کەمتر لە ڕۆژێک ماومەتەوە، (خوا) فەرمووی: نەخێر ئەوە سەد ساڵت پێچووە، جا تەماشای خواردن و خواردنەوەکەت بکە (لەو ماوە درێژەدا) نەگۆڕاوە و تێک نەچووە، تەماشای گوێدرێژەکەشت بکە، (بۆیە ئەمەمان کرد) تا بەم بەسەرهاتە بتکەینە موعجیزە بۆ خەڵکی، جا سەیری ئێسکەکانی (گوێدرێژەکەت بکە) چۆن بەرزیان دەکەینەوە و بەیەکەوەیان دەبەستین و پاشان بەگۆشت دایاندەپۆشین، کاتێک بینی و بۆی دەرکەوت وتی: چاک دەزانم و دڵنیام بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

گەڕانەوە

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) گەڕایەوە بۆ لادێکەی خۆیان.. کاتێ چاوی بە لادێکە کەوت وایزانی شوێنێکی ترە.. هەموو شتێک گۆڕابوو.. خانوو.. خەڵک.. جلوبەرگ..

تەنانەت ماڵێک نەبوو بە ناوی ماڵی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)ەوە تا بڕوا تێیدا بمێنێتەوە.. عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) ببوو بە چیرۆکێ کە پیر و پیرەک بۆ نەوەکانی خۆیان دەگێڕایەوە.. دەیانگوت: عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) پیاوێکی زۆر پاک و باش بوو!.. ڕۆیشتە دەرەوەی ئاوایی بۆ لای کشتوکاڵەکەی، بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە!..

حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) ڕۆیشتە نێو گۆڕەپانی ناوەڕاستی ئاوایی و هاواری کرد و فەرمووی: ئەهای خەڵکی لادێ!.. من عوزەیرم عوزەیر!.. ئەو عوزەیرەی پێش سەد ساڵ نەما..

خەڵکی لادێ هەموو کۆ بوونەوە.. پیاوێک بە تەمەنێکی نزیک لە پەنجا ساڵ دەڵێ: من ئەو عوزەیرەم سەد ساڵ پێش ئێستا نەما!..

هەندێ لە خەڵکەکە دەستیان کرد بە پێکەنین و وتیان: ئەم پیاوە شێتە!..
عوزەیری چی؟ عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) نەماوە و مردووە، خۆ ئەگەر مابێ دەبێ تەمەنی سەد و پەنجا ساڵ بێ، نەک گەنجێکی پەنجا ساڵە!..
پیاوێک وتی: کاکە ئەوە تۆ چی دەڵێی؟.. عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) سەد ساڵ لەمەوپێش مردووە!..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: ئەی کوا نەوەکانم!.. مەگەر من نەوەم نییە؟!..
پیاوێک وتی: با عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) نەوەیەکی هەیە شەست ساڵ تەمەنیەتی!..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: کوا لەکوێیە پیشانم بدەن!..
کاتێ باپیرەو کوڕەزا یەکیان بینی حەپەسان!..
کوڕەزاکەی حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) وتی: خۆ تۆ لە من منداڵتری، تۆ چۆن باپیرەی منی؟..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: ئەوە نیشانە و دەسەڵاتی خوایە!.. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی پیشانی ئێمە بدات.. بۆ ئەوەی زیندووبوونەوە بە ئێمە بسەلمێنێ!..
ئا لەوکاتەدا پیرەژنێکی تەمەن سەدوبیست ساڵە پەیدا بوو.. گۆچانێکی بەدەستەوە بوو.. وتی: ئەوە کوا کێیە دەڵێ: من عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)م؟!.. خۆ کەس عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)ی لەبیردا نەماوە!..
عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) گوێی لێبوو پیرەژنەکە وتی: ئەگەر ئێستا من کوێر نەبوومایە عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)م دەناسییەوە!..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) لە خوای گەورە پاڕایەوە تا بینایی بۆ ئەو پیرەژنە بگێڕێتەوە.. خوای گەورە داواکەی گیرا کرد.. چاوی پیرەژن چاک بوویەوە..
پیرەژنەکە چاوی بە حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) کەوت، شاگەشکە بوو.. وتی: بەڵێ ڕاستەکات بەخوا ئەوە عوزەیرە(سڵاوی خوای لێبێت).. من باش دەیناسمەوە!.. ئەوە ئەو عوزەیرەیە کە سەد ساڵ لەمەوپێش دیار نەما!..
نەوەکەی حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) وتی: من باوکم پێی وتووم کە عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت)ی باوکم دەزانێ تەورات لەکوێیە!..
حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: بەڵێ!.. ئێستا تەوراتی حەزرەتی موسا پێغەمبەر(سڵاوی خوای لێبێت)تان پێ نیشان دەدەم!.. من خۆم لە بن دار زەیتونێکدا چاڵم بۆ هەڵکەند و شاردمەوە..
خەڵکەکە دەیانزانی شوێنی دار زەیتونەکە کوێیە.. پێکەوە ڕۆیشتن و حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) ئەو شوێنەی هەڵکۆڵی.. سندوقێکی تەختەی دەرهێنا.. سندووقەکە پوابوو.. بەڵام تەوراتی تیابوو.. ئیتر هەموان باوەڕیان بە حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) کرد و بۆیان دەرکەوت کە خوای گەورە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە کۆنترین مردوو زیندوو بکاتەوە.. بڕوایان بە زیندووبوونەوە و حەشر و کۆبوونەوە هێنا..

هەندێ لە جوولەکەکان ئەوەیان بڵاو کردبوویەوە کە عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) کوڕی خوایە.. بەڵام حەزرەتی عوزەیر(سڵاوی خوای لێبێت) پڕ بە دەمی خۆی هاواری کرد و فەرمووی: من بەندەی خوام!.. خوای گەورە منی کردووە بە بەڵگە و نیشانەیەک بۆ دەسەڵاتی خۆی.. بۆ ئەوەی هەمووان بزانن خوای گەورە دەتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە.. لە ڕۆژی پەسڵانا هەمووان کۆ بکاتەوە و لێیان بپرسێتەوە و پاداشتی چاکەکاران بداتەوە، خراپەکارانیش بە سزای خۆیان بگەیەنێ!..

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَ قالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللّهِ وَ قالَتِ النَّصارى الْمَسيحُ ابْنُ اللّهِ ذالِكَ قَوْلُهُمْ بِأَفْواهِهِمْ يُضاهِؤُنَ قَوْلَ الَّذينَ كَفَرُوا مِنْ قَبْلُ قاتَلَهُمُ اللّهُ أَنّى يُؤْفَكُونَ﴾ التوبة: ٣٠ واتە: جوولەکە وتیان: عوزەیر کوڕی خوایە، گاورەکانیش وتیان: مەسیح کوڕی خوایە!! ئا ئەو بوختانە (نابەجێیانە) قسەی ئەوانە و بەدەم دەیڵێن و لێی تێناگەن (بیرێک ناکەنەوە، تێنافکرن) ئەو گوفتارەیان لاسایی کردنەوەی ئەوانەیە کە پێشتر بێباوەڕ بوون (لەوەدا کە دەیانوت فریشتەکان کچی خوان)، دەک بەکوشت چن و خوا لەناویان بەرێت، ئاخر ئەم بوختانە ناڕەوایانە چۆن هەڵدەبەستن.

چیرۆکی پێغەمبەران

9

قورئانـی پیـرۆز، ئـەو کتێبـەی کـە خـوای گـەورە ناردوویەتـی بـۆ پێغەمبەری ئیسلام(صلی الله علیه وسلم)، گرنگترین و ڕاستترین سەرچاوەی ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەرانە.. چونکە قورئان لە لایەن خوای گەورە و میهرەبانەوە دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام(صلی الله علیه وسلم)..

بۆیە دەبێ ئێمەش قورئان بخوێنینەوە و لێی ڕامێنین و سوود لەو چیرۆکانـە وەربگریـن، بـۆ ئـەوەی ئیلهامی لـێ وەربگریـن و ڕێگای پڕشنگداری پێ بدۆزینەوە..

ئەو ڕێگایەی کە بەرەو ئاشتی و ئەوین و خۆشەویستیمان دەبات.. بەرەو ئەو بیروباوەڕەمان دەبات کە هەموو پێغەمبەرانی بۆ نێردراوە..

ئـەم کۆمەڵە چیرۆکـە لە قورئانی پیـرۆز و تەفسـیرە بەنێوبانگەکانی قورئان وەرگیراون.. بۆ ئەوەی گرنگی بە بیروباوەڕی منداڵانمان بدەین..

ناوەندی ڕێنوێن

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

9789922626659

All Rights Reserved
© **Al-Buragh** for Children`s Culture
www.alburagh.com Email: info@alburagh.com